# له پەراوێزی فتوای جهاد دا

## با کارەساتە سامناکەکانی کوردستان فەرامۆش نەکەین.

جیاوازی ژیانی ئێمەی کورد وەک گەلێکی ژێردەستە و گەلانی ئازادی جهان یەک شتە، ئەوان بایەخ بە رابردووی خۆیان ئەدەن و بیر لە داهاتوویش ئەکەنەوە، رۆژە شادیبەخش و دژوارەکانی خۆیان فەرامۆش ناکەن! بەڵام ئێمە بایەخ بە هیچ شتێک نادەین، رابردوو و داهاتویش بەلامانەوە گرنگ نەبوو و نییە، هەر کەس لە ئێمە ئەتوانێ دەیان نموونە سەبارەت بەو باسە لە ناو خانەوادە، یا لە شار و گوندەکەی خۆیدا بدوزێتەوە!

لە ژیانی سیاسی ئەمرۆی کوردستاندا گەلێ رووداوی خوێناوی روویداوە. یەکێک لەو رووداوانە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئیسلامی ئێران، پاش رمانی سیستمی پادشای ئێران لە 28 ی مانگی مردادی 1358 ی هەتاوی بەرانبەر بە 18 ئاکۆستی 1980 هاتوەتە پێشەوە.

رۆژی 28 مرداد لە مێژووی سیاسی ئێرانی دەورانی بنەماڵەی پەهلەویدا رۆژێکی گرنگ بوو. لە روانەگەی لایەنگرانی بنەمەڵەی پەهەلەوییەوە، کەسێک بەناوی دوکتۆر(محمد مصدق) وەک سەرۆکوەزیری ئێران ویستویە کودتا لە (محمد رضا شاه) بکات. شاپەرەستەکان ئەو رۆژیان بە رۆژێکی شووم و نالەبار ئەزانی، هەموو ساڵێک لە رۆژی (28 ی مرداد) دا بەرنامەی تایبەتییان لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی ئێراندا بەرێوە ئەبرد، وتاری سیاسی و دروشمی تایبەتیان سەبارەت بەو رۆژە پەخش ئەکردەوە، لە هەموو شارەکاندا بەرنامەی سان و رێژە بەرێوە ئەبرا، هیزی سەربازییەکانییان بە هەموو چەشنە چەکێکی وەک تانگ و تۆپ، هێلیکۆپتەر و فرۆکە، .... تەیار ئەکرا و نمایشیان پێئەدان بە دروشمی بژی شا و پایەدار بێ ئێران بەرنامەکەیان بەرێوە ئەبرد.

نەیارانی سیستمی پادشای بە هەر چەشنە بیروباوەرێکی سیاسی وەک میللی، چەپ، مەزهەبی، لیبراڵ هەموو ساڵێک یادی رۆژی (28 ی مرداد)یان ئەکردەوە، بەو رۆژیان ئەکوت رۆژی پیرۆزی 28 ی مرداد و هێرشیان ئەکرد سەر سیستمی پادشای کە دەوڵەتی میللی دوکتۆر ( محمد مصدق )ی لەناو بردووە.

لەم رۆژە پیرۆزە و نا پیرۆزەدا ( ئایەتوڵا خومەینی رابەری شۆرشی ئیسلامی ئێران) فتوای جهادی میللەتی کوردی راگەیان، (عەبدولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران) فەرمانیدا بە هێزە سەربازییەکانی ئێران کەس نابێ بەنی پۆتین و پۆستاڵەکانی کاتەوە تا ئاژاوەی کوردستان سەرکوت ئەکرێ، ئایەتوڵا تاڵەقانی لە خوتبەی نوێژی هەینی دا ئەگرمان ئەگەر پێویست بێ لە پێناو فەرمانی ئیمامدا چەک هەڵئەگرم و ئەرۆم بۆ کوردستان، {رێکخراوەی موجاهیدنی خەڵکی ئێران بە دوای فتوای ئایەتوڵا خومەینی و پەیامی ( ئایەتوڵا تاڵەقانی، خویانی فەرموودەنی پدر تاڵەقانی} نامە بۆ خومەینی ئەنووسێ تا رەوانەیان بکەن بۆ جەنگی کوردستان. بەدوای فتوا و

فەرمان و پەیان و نامەدا هێزە ئێرانییەکان روویان کردە کوردستان و کردیان بۆ کۆمی خوێن. لەو پرۆسەدا ناوی (دەرِی قاسلمو لە لایەن رابەرای ئێرانەوە) گۆردرا بە ( دەرەی شوهەدا). ئەو گۆرانکارییە لە ناوەدا رەمزی درندەی و خوێنرێژی رابەرانی ئێران و هێزە ئێرانییەکانە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە هەستی بەرگریکردن میللەتی کوردە لە ژیانی خۆی.

دیارە با ئەوە فرامۆش نەکەین <u>هەر لەم دەورانە شۆرشی گەلی تورکەمەن و عەرەبەکانی خوزستان</u> بە شێوەیەکی درندانە سەرکوت کرا، ئەوانە و کۆمەڵێ کارەساتی دیکە کارنامەی رابەرانی ئێرانە لە ساڵەکانی 1358 و 1359 هەتاویدا. بەڵام ئەم رووداوانە لە لایەن رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە نرخ و بەهایەکی نییەو لەبر چووەتەوە.
بۆ نموونە بەرێز ئیبراهیم عەلیزادە لە رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە وتووێژێک لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی 2007 لەگەڵ رادیۆی فارسی (همبستگی) بەو جۆرە ئەڵێن:
**رژیم خودش هم نقطه قوتها و هم نقطه ضعفهای این مبارزاتی را که امروز در ایران در جریان است بخوبی میشناسد. به نظر من اگر چه نمیتواند ایران را به شرایط دهه <u>شصت شمسی برگرداند،</u>**

ئەگەر لەو باسە بۆچ رووداوەکانی ساڵانی 1358 و 1359 ی هەتاویان بەلاوە گرنگ نییە و لە بیریان چووتەوە، بکۆڵینەوە، وەڵامی ئەو باسە لەهەمان وتووێژی رادیۆیی لە رادیۆ همبستگی سەبارەت بە نەتەوە ژێر دەستەکان دەبینینەوە. بەو هیوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە چەند دێرێکی کورت لە ژێر ناوی **کێشەی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و دادوەری بەرێز ئیبراهیم عەلیزادە)** ئامادە بکەم و بیخەمە بەر دەستی ئێوەوەی بەرێز.

**ئازادی؟**
**ئازادی؟**
**ئازادی؟**
**ئازادی؟**
**ئازادی؟**

ژیانی کوردان ئەنگوس لە چاوە
نەبوو قەت تیشکێ بدا لەو ناوە
ئازادی ئەمرۆ دنیای کرد داگیر
تازە بەندخانە بۆ کورد کراوە
***
هاوینی ساڵی 1357 هەتاوی


**ژیاننامە**

**فتوای جهاد بەی، یا ئەمری ئاشتی**
**بەراستی بژی، یا بەشەیادی**
**لەبۆ هەر دوویان یادت ئەکەنۆ**
**بۆ ئەمیان چلۆن،**
**بۆ ئەویان چلۆن**


**لەیادی گوللەبارانکراوەکانی کوردستان**

لە چاپخانە پیتەکان بەلای یەکەوە رادەگرن
مرۆڤەکانیش لە کوردستان
ئەویان دەبێت بە پەرتوک
ئەمیش دەبێت بە گۆرستان

سەعی سەقزی
2008 /8/5
qayshi@yahoo.com